لەترسی تەقاندنەوەی پۆلیسی فەڕەنسا تاوەری ئیفێلی بەتەواوی چۆکرد لە گەشتیاران



سەرچاوەیەکی پۆلیسی فەڕەنسا ڕایگەیاند کە تاوەری ئیفێل لە پاریس ڕۆژی شەممە داخرا بەرامبەر بە سەردانیکەران دوای ئەوەی بەتەواوی چۆکرا وەک بەشێک لە ڕووشوێنکانی خۆپاراستن دوای ئەوەی هەڕەشەی بەمبەڕژکردنی کرا.

ئەم ئاگادارکردنەوە بووە هۆی چۆکردنی سێ نهەمی تاوەرەکە کە دەکەوێتە ناوەندی شاری پاریس، کە بەناوبانگترین شوێنی گەشتیاری فەڕەنسایە و ساڵی ڕابردوو 6.2 ملیۆن گەشتیار سەردانیان کرد.

بەرپرسانی بەڕێوەبردنی تاوەرەکە ڕایانگەیاند، لێئەستادا پسپۆڕانی ڕاگرتنی بەمب و پۆلیس پشکنین دەکەن، لەوانە پشکنینی چێشتخانەیەک کە لە تاوەرەکەدایە.

وتەبێژی بەڕێوەبەرایەتی تاوەرەکە وتی: "ئەمە پرسیەکی ئاساییە لەم جۆرە بارودۆخەدا، بەڵام دەگمەنە، لێئەستادا میوانەکان لە سێ نهەم و لە گەڕەپانی ژێر تاوەرەکەوە چۆکران".

شایەنی باسە، تاوەری ئیفێل لە ساڵی 1887 دەست کرا بە دروستکردنی و لە ئازاری 1889 تەواو بوو و لە هەمان ساڵدا دوو ملیۆن گەشتیار سەردانی کرد.